بۆچی نەوشیروان مستەفا؟ لاپەرە ٤

# بەرەو ڕووناکی

جگە لە سەروتار سەرجەم بابەتەکانی تر خاوەنەکانی لێی بەرپرسن.

ژمارە ١٥ ٢٠٢٠/٩/١٧ ڕۆژی پێنج شەمە

## کێ بەرپرسە لە قوربانیەکانی ئاڵای شۆڕش؟



## کتێبەکەی مەلا بەختیار بە مردوی لە دایک دەبێت

## مەلا بەختیارو کاریگەریی نەخۆشی دوننگ کروجر

## مەلا بەختیارو کاریگەریی نەخۆشی دوننگ کروجر

مەجید سالح

لە نیسانی 1995 -مەکاسەر ویلەر- لە شاری پیتسبۆرگ بە بێ ئەوەی سەروچاوی داپۆشێت بە ڕۆژی ڕووناك بە دەمانچەیەکەوە دای بەسەر بانکێکدا، لە ڕێگەی وێنەکانی لە کامێراکانی چاودێریی ناسرایەوە و هەواڵەکەی لە تیڤییەکان بڵاوکرایەوەو دەستگیرکرا، بەڵام ئەو هەر هاواری دەکرد من بە ئاوی لیمۆ خۆم داپۆشیوە چۆن دەمبینن؟؟

لە دادگا پێیان گوت: ئەو ئاوی لیمۆیە چییە لە کاتی دەستگیرکردنەکەدا باستکرد؟

لە وەڵامدا گوتی: من بابەتێکم خوێندووەتەوە گەر بە ئاوی لیمۆ لەسەر کاغەزێك شت بنوسیت کەس نایبینێت تا نەدرێتە بەرتیشکی خۆر، منیش بە ئاوی لیمۆ دەمووچاوی خۆم تەڕکردووە، پێموابوو کەس لەناو بانکەکەدا روخسارم نابینێت و ناناسرێمەوە ، هەر بە ڕاست چۆن منتان بینی؟

ساڵی 1999 ئەم ڕوداوە سەرنجی زانای دەروونناسی –دیڤید دوننگ-ی لە زانکۆی کورنیل نیۆرك و جۆستین کروجر خوێندکاری خوێندنی باڵای هەمان زانکۆی ڕاکێشا دوای لێکۆڵینەوەیەك گەیشتنە ئەو دەر ئەنجامە مرۆڤ تا نەزان و بێ مەعریفە بێت لە ململانێ و ڕەفتارەکانیدا موبالەغە دەکات و تووشی نەخۆشی وەهمی سەرکەوتن و پێشکەوتن دەبێت.

ئەو کەسانەی تووشی ئەم نەخۆشییە دەبن وادەزانن دائیمەن خۆیان لەسەر حەقن و خەڵکی دیکە لەسەر هەلەن، ئێستا لە زانستی دەووناسیدا بەمانە دەڵێن لەژێرکاریگەریی –دوننگ کروجر-دان.

دوننگ کروجر- جۆرێکە لە لایەنگری مەعریفی کەسێك تووشی ئەم نەخۆشییە ببێت پێی وایە زۆر وزاناو ژیرو ڕۆشنبیرو عاقڵترە لەوەی خەڵك دەزانن. ئەم کەسانە نکوڵی دەکەن لەوەی شارەزاییان کەمەو هەرگیزو لەژێر هیچ بارێکدا دان بە کەم توانایی خۆیاندا نانێن.

لاوازیی هوشیاریی و کەمی مەعریفەیان وایان لێدەکات زیادەڕۆیی بکەن لە تواناکانیان، ئەم جۆرە کەسانە لەکەم ئەندامێك دەچن کە نکوڵی کەم ئەندامێتی خۆی دەکات و بۆ داپۆشینی ئەو کەم و کورییەی خۆیان نەك هەر دانی پێدا نانێن بگرە ڕیکپەلاماری ئەو کەسانەش دەدەن کە لەوان بە تواناتر و شارەزاترو لێهاتوو ترن، ئیرەییان بەو کەسانە دێت کە لەناو خەلکدا ڕێزدارو جێگەی پەسەندن.

گەر بەوردی گوێ لە چاوپێکەوتنەکەی مەلا بەختیار بگریت لە تەلەفزیۆنی ڕوداو باس لە کتێبی –لەبری بیرەوەری - دەکات ، بۆت دەردەکەوێت بە هەموو ماناکانی وشە تووشی نەخۆشی نەخۆشی –دوننگ کروجر- بووە.

ئەو دەمێکە لەبەرامبەر گەورەیی نەوشیروان مستەفادا هەست بە کەمی و کۆڵەواریی خۆی دەکات، بەڵام وادیارە کەمی ئاستی مەعریفە و ناکارایی فیکری و ناشارەزاییلە خوێندنەوەی مێژووای لێکردووە وەك – مەکاسەر ویلەر- پێی وایە نوسینی کتێبێکی لەو جۆرە دەتوانێت بەمەرەکەبی رەشی لاپەڕە تەرخانکراوەکانی بۆ لێدانی نەوشیروان مستەفا ڕوخسارو رەفتارو کەم و کورییەکانی خۆی بشارێتەوە و لە شکۆی نەوشیروان مستەفا لەناو دڵی خەڵکدا کەم بکاتەوە و بەوەش شکۆیەکی وەهمی بۆ خۆی دروست بکات.

# کێ بەرپرسە لە قوربانیەکانی ئاڵای شۆڕش؟

خالید ڕەزا ئەمین

یەک راستی هەیە ئەبێ هەموو بیزانین ئەویش ئەوەیە کە لە شۆڕشی چەکدرای دا کە زەبروزەنگی شۆڕشگیرانە سیما دیارەکەیەتی، خاڵی نیە لە کاری نەباش و تەنانەت تاوان کردنیش. یەک شۆڕشی رزگاری لە دنیادا نابینی تاوانی تیدا ئەنجام نەدرابێ شۆڕشی گەلی کوردستانیش خاڵی نیە لەم ڕآستیە.
بەلام ئایە ئەو هەڵە و تاوان و کەموکوڕیانە ئەتوانن تابلۆ گەورە جوانەکە بشارنەوە، بێگومان و بە دڵنیاییشەوە، نەخێر.

ئەو چاوپیکەوتنە و ئەو کتیبەی مەلابەختیار نوسیویتی، بەهیچ جۆریک خزمەت بەم باردوۆخە پر لەقەیرانەی ئیستا ناکات. دەسپیشخەریکی زۆر خراپیکردوە بۆ هەلدانەوەی ئیسکوپروسکی رابردو، کەنەک هەر ناتوانی هەتوانی برینەکانی ئێستە بکا، بەڵکە بۆ ماوەیەکی دریژتر ئاشتی و تەونی کۆمەلایەتی لەبەر یەک هەڵئەوەشێنێ.
گەلۆ مەلابەختیار ئەم ئاوە ئەکاتە ئاشی کێوە؟
نەوشیروان مستەفا بەدەمی خۆی و بە قەڵەمی خۆی نوسیوێتی کە بەرپرسیاریتی ئەخلاقی و دینی ، لەبەرامبەر مێژوی گەلەکەی و خوای خۆی دا هەڵئەگرێ و ئامادەی وەلام دانەوەیە لە هەموو ئەو ڕوداوانەی لە ٩٧٥ هەتا ٩٩١ کە تیایدا بەرپرس بوە.

کاک نەوشیروان هەموو تەمەنی خۆی لە شۆڕش و پێشمەرگایەتی دا سەرفکرد، کۆتا ساڵەکانی ژیانی خۆی تەرخانکرد بۆ ئەوەی کۆمەلگایەکی مەدەنی و سیستمیکی پارلەمانی دروستبکرێ لەجیاتی حکومەتی حیزب حکومەتی هاولاتی مان هەبێ، هەموان لە بەرامبەر ماف و ئەرک و یاسادا وەک یەک بن، دادپەروەری کۆمەڵایەتی هەبێ. مەخابن مەرگ ریی پێ نەدا تەواوی بکا.
ئەڵبەت نابێ هیچ کەسێک بە موقەدەس بزانین و لەدەرەوەی رەخنەلێگرتن و هەڵسەنگاندنەوە، ببینن. بەلام درۆکردن و بوختانکردنیش نیشانەی نەمانی مۆڕاڵی سیاسی و کۆمەلایەتی یە.
مەلا بەختیار هەر بەوەوە نەوەستاوە بەڵکە هانی خۆی وتەنی شەهیدەکانی ئاڵآی شۆڕشی داوە بچن لە دادگا شکات لە نەوشیروان بکەن و ئەمیش ئامادەیە بێت شایەتییان بۆ بدات!

بێگومان کردنەوەی ئەم دەرگایە ئاشتی کۆمەلایەتی ئەخاتە بەردەم مەترسییەکی جدییەوە و، پارلەمانی کوردستانیش بەیاسا ئەم دەرگایەی داخستوە. بۆیە ئیسارەکردنیشی جۆرێکە لە ئاژاوەگێڕی و هیچی تر.
مەلا ئاوێکی خراپی ڕشت.

سەرنج بدەن لەو یانزە دێرەی دەستپێکی نامەکەی دا کە بەخەتێکی زۆر جوان نوسیوێتی، بزانن ئەبێ شەهیدەکانی ئاڵای شۆڕش شکات لە کێ بکەن، لە نەوشیروان مستەفا یان لە مەلابەختیار؟

مەلا بەختیار لە دانپیانان و ئیدانە نامەکەیاندا زۆر بە ڕونی نوسیوێتی کە:

## ماوەی لاپەرە ٣

سەرنج بدەن لەو یانزە دێرەی دەستپێکی نامەکەی دا کە بەخەتێکی زۆر جوان نوسیویێتی، بزانن ئەبێ شەهیدەکانی ئاڵای شۆڕش شکات لە کێ بکەن، لە نەوشیروان مستەفا یان لە مەلابەختیار؟
مەلا بەختیار لە دانپیانان و ئیدانە نامەکەیاندا زۆر بە ڕونی نوسیویێتی کە:

یەکەم: مەلابەختیار دژایەتی کردنی کۆمەڵەو یەکێتی بە تاوان ناوبردوە.
دوەم: کنەکردن و دزەکردن (تسلل) بۆ ناو ریکخستنەکانی کۆمەڵە و دروستکردنی تەنزیم لە ناو تەنزیم دا بە تاوان ناساندوە.
سێیەم: مەلابەختیار لە چەندین شوینی نامە حەوت لاپەڕەیەکەیدا دەیانجار پەشیمانی و ئیدانە ی خۆیانی کردوە.جیابونەوەی ئاش ی بە خیانەت ناوبردوە.
بۆیە:
بەپێی ئەو ئیدانەکردنەی خۆی، کەسوکاری هەموو ئەوانەی کە بونەتە قوربانی جا شەهید بوبن یان کوژرابن یان داودەزگاکانی بەعس گرتبێتنیو لە سێدارەی دابن یان ئەشکەنجە درابن، با برۆن داوای مافی خۆیان لە مەلابەختیار بکەن نەک خەڵکی تر.

بۆیە مەلابەختیار لەجیاتی بروا شایەتی بدا و پاریزەر بۆ کەسوکاری ئەوانە بگرێ با بروات پاریزەر بۆ خۆی بگرێ.
بەش بەحاڵی خۆم ڕێز لەو شەهیدانە ئەگرم و وەک هەرشەهیدیکی تر ئەیانبینم و هاوخەمی کەسوکاریانم.

بەلام بۆ مەلابەختیاریش کارێکی ناشیرینە کە ناوی کەسانێکی تێکەڵ بەو شەهیدانە کردوە، کە خۆشی باش ئەزانێ لە جاشایەتی دا کوژراوە. نابێ کەسوکاری ئەو شەهیدانە لێی قبوڵ بکەن!

---

کتێبەکەی مەلا بەختیار بە مردوویی لەدایک دەبێت
١ - قسەکردن لەسەر کاک نەوشیروان لەدوای کۆچی دوایی و بە تۆمەت و ترسنۆکانە ناوهێنانی پێمان دەڵێ لە ئێستاوە کتێبەکەت مردوە چونکە خەڵک لەوە هۆشیارترە کە تۆ بیرت لێکردۆتەوە .
٢ - خودی نوسەر کە مەلا بەختیارە لەلایەک و بەحساب گێرانەوەی مێژووی شۆڕشێکە کە خۆی تێیدا زیندانی کراوە و ڕێکخستنی لەناو ڕێکخستن و حزبی لەناو حزب دروست کردوە لەلایەکی تر ، ئیتر ئەوپەڕی هەوڵی خستۆتە گەڕ بۆ شێواندنی شۆڕش و لێدان لە سەرکردەکانی شۆڕش .

پێشڕەو بابە شێخ

# بۆچی نەوشیروان مستەفا؟

ئامانج هەرتەلی

لە چاوپێکەوتنێکماندا لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵای حەسەن زادە بەم شێوەیە وەسفی کاک نەوشیروانی کرد و گوتی: نەوشیروان لە مەیدانی پێشمەرگایەتی یەکێک لە سەرکردە بە بەرنامەکان و لەهەمان کاتدا فەرماندە بەوەجەکان, و پێشمەرگە بەجەرگەکان بو, من شتێکم لە کەسێک بیست کە مخالفی کاک نەوشیروان بو باسی یەکیەتی کرد, گوتی: یەکیەتی بەس کاک نەوشیروانیان هەیە کە ئەهلی بەرنامە و پلانبێت, مەبەستم ئەوەیە مخالفەکانیشی دانیانانبوو بەوە.

کە پیاوێکە ئەهلی بەرنامەیە لە مەیدانی رۆشنبیری و روناکبیری و نوسیندا, چەندجار بیرم دەکردەوە, کە نەوشیروان مستەفا لە شەو رۆژێکدا هەر 24 سەعاتە, چۆن بەو هەمو ئیشە زورە رادەگات, چونکی ئەوەندە بەکاری رێکخستنی و حیزبییەوە سەرقاڵ بو, کاتی بەشی هەمو کەس دەبو, کەچی دەیان کتێب و هەرازان مقالە و تەحلیلی نوسی ئەهلی پروژە و بەرنامە بو.

هەروەها مامۆستا لە بەشیکی تری قسەکانی لەبارەی نەوشیروان مستەفاوە دەڵێت: تەنانەت تا ئێستا نەمتوانیوە ناوێک لە نوسینەکانی بنێم بڵێم مێژوە, ئەدەبە, کۆمەڵآیەتییە, هەرچی دەیڵێی هەموویە چونکە تەماشای شتەکان بکە, لە زمنی یەک بابەتدا, چەندین بابەتی جۆراوجۆر دەهێنێتە گۆرێ, بۆ کەسێک کە زۆر بە دیقەت نوسینەکانی بخوێنێ, کەڵکی لێوەربگرێت.

کەوابێ بە هەموو مانایەک ئەم پیاوە یەکێ لە رێبەرانی پایەبەرز و بەوەجی میللەتی کورد و بزوتنەوەی کوردبو . کاتێک دوژمنانی کورد، ناوی نەوشیروان مستەفا دەبیستن بەجۆرێک گرژ دەبن توشی هەناسە برکێکی توند و نائومێدی دەبن، چونکە دەزانن نەوشیروان مستەفا بەبێ پلان وبەرنامە هیچ کارێکی نەکردوە، هەتا لەکارەکانیشیدا لایەنی باش وخراپی روون کردۆتەوە، ئەگەری سەرکەوتنی زیاتر نەبوبی لەشکستی نەی کردوە، هەتا جارێک کاک نەوشیروان گوتی : ( شەرێک ناکەم نەی بەمەوە) بۆیە هەمیشە بەبەرنامە دوژمنانی کەوتونەتە دژایەتی.

هۆکاری دژایەتی کردنی نەوشیروان مستەفاش دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی جیاوز بوو لەهەموو سەرکردەکانی تری کورد، فەلسەفە و تێروانینی بۆ دەوڵەتداری نەوشیروان مستەفا بۆ ئەوە بوو، کەتاکی کورد خاوەنی شکۆبێت وەک هەموو گەلانی تر، هەست بە کەمی نەکات لە ئاست گەلانی تر. ئەو هێرشەی ماوەیەکە راستەوخۆ و ناراستەوخۆ دەکرێتە سەر نەوشیروان مستەفا لەلایەن چەند کەناڵ و کەسێکەوە، وەنەبێ لەخۆوەیە بەڵکو بەبەرنامەیە، بۆ ئەوەی نەوشیروان مستەفا لەم قۆناغەدا لەهزری تاکی کورد بسرنەوە، تاوەوکو پرۆژەی کەی کە گورانکاریە شکستپێبهێنن، وای نیشان بدەن کە نەوشیروان مستەفا کەسێکی بێپلان بووە، ئەم پیلانە بەتەنها لەخودی چەند حیزبێکی سیاسی و چەندکەسایەتیەک و کەناڵێکەوە نیە بەڵکو ئەوە عەلقەیەکی گەورەترە لە وڵاتانی ناوچەکەش بەشدارن، چونکە پرۆژەی نەوشیروان مستەفا بەتەنیا زەرەر لەم هێزانە نادات، کە لەهەرێمن بەڵکو پرۆژەی نەوشیروان مستەفا پرۆژەیەکە زیان بەوڵاتانی ناوچەکەش دەدات، درێژەی بابەت لاپەرە ٥

دریژەی لاپەرە ٥

دەدات، تاکی کورد دەکاتە خاوەن کەسایەتیبەهێز، جگە لەوەش تاکی کورد دەکاتە خاوەنی پێگەی ئابوری و کۆمەلایەتی بەتوانا، هەرێمی کوردستان لە هەرمی کوردستان لە هەرێمێکی بخۆرەوە دەکات بە هەرێمێکی بەرهەم هێن بەوەش زیانی ئابوری لە دەلەتانی ناوچەکەدەدات.

ئەوەی گرنگە ئەوەیە فکری نەوشیروان مستەفا لەلایەن کەسانی شارەزا شیکاری بۆ بکرێت، جارێکیتر پەخشبکرێتەوە بۆ ناوکۆمەڵگای کوردی، تاکی کوردی لێ هۆشیار بکرێتەوە، دواجاریش هەڵسوڕاوانی گۆڕانی لەسەر پەروەردە ببین و لە پاڵ ئەوەشدا بزوتنەوەی گۆڕان لەحکومەت بەردەوام کار لەسەر ئەو پایانە بکات کە نەوشیروان مستەفا، لە پێناوی چاکسازیدا لە سێکتەرەکانی دەوڵەتداریدا ختسوینە روو و تێدەکۆشا، کار کردنی گۆڕان لەسەر پەیامەکانی نەوشیروان مستەفا، وادەکات نەوشیروان ئەگەر بە جەستەش لەناوماندا نەمابێ ئەوا فکر و دیدەکانی لەناوماندا بەرونی هەیە ئەوە لەلایەک، لەلایەکیتر وادەکات کەس زاتی ئەوەنەکات پیلان لە دژی نەوشیروان مستەفا بگێڕێت، هێرشی نارەوای بکاتە سەر، لەخەبات و ماندوبونی کەم بکاتەوە، بەڵکو بەزیندوی بهێڵرێتەوە نەوەکانی لەسەر پەروەردە بکرێ.

**ئاگاداری سەرجەم نووسەران ڕۆشنبیران و هەڵسوراوانی بزووتنەوەی گۆڕان دەکەین دەتوانن بابەت و نووسینەکانیان بۆ ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی بەرەو ڕووناکی بنێرن بە مەبەستی ئەوەی بۆیان بڵاوبکەینەوە.**

**نووسەرە بەڕێزەکان دەتوانن نووسینەکانیان بنێرن بۆ ئەم ئیمەیلە:**

bargrinamasalam@gmail.com